کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 4-1-2007 12:35

# قەڵەباڵغی شاری سلێمانی و كێشەو گرفتی چێشتخانەكان ... راپۆرت: ستیڤان شەمزینانی

هیچ كاتێك هێندەی ئەمڕۆ شاری سلێمانی قەڵەباڵغی بەخۆیەوە نەدیووە، رۆژانە خەڵكانی تر چ لەشارەكانی تر چ لە شارۆچكەكانی نێزیكی شار دێنە ناو شاری سلێمانی، ئەگەر تۆزی بەدیقەتەوە بڕوانین دەبینین چەندین شێوەی غەریب و ناكورد لەناو بازاڕەكانی شاردا دەبینین.



ئەم قەڵەباڵغیە وایكردووە فشارێكی زۆر بكەوێتە سەر چێشتخانەو ڕێستۆرانەكان، ئەوەشی دەیبینین ئەوەیە لەشاری سلێمانیدا ژمارەی چێشتخانەو خواردەمەنییەكان وەك پێویست نین و هەرواش ڕێستۆرانی تایبەتی نییە بۆ ئەو میوانانەی لەوڵاتانی ترەوە دێن، بۆئەوەی بزانین گرفتەكانی چێشتخانەكان چییە؟ و موناعاتی خەڵكیش لەلایەكی ترەوە چییە؟ ئەم گەشتە مەیدانییەمان سازداو هەمەلایەنە خەڵكمان دواند.

خاوەنی چێشتخانەیەكی ئاسایی لەلای سەرا - وتی: بەڕاستی ماوەیەكە قەڵەباڵغییەكی زۆر لەسەر چێشتخانەكەی ئێمەو دراوسێكانمان هەیە، بەتایبەتی لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە چونكە رۆژانە خەڵك لەناوچەكانی ترەوە دێنە شارەكەمانەوە و لەهەمان كاتدا شارەكەمان پڕ بووە لە كرێكاریی عەرەب و یەزیدی و تەنانەت هندی.

بۆیە قەڵەباڵغییەكە زۆر بووەو ئەوەندەی من ئاگاداربم چێشتخانەی نوی نییە بۆیە فشارەكە تەنیا لەسەر ئێمەیە. هەندی لەخەڵك بێزاریی خۆیان دەربڕی لەوەی چێشتخانەكان وەك پێویست خزمەت ناكەن چونكە هەوڵدەدەن تەنیا گیرفانی خۆیان پڕ بكەن و ئەو حاڵەتە ئیستغلال بكەن.

هاوڵاتی (ئەنوەر ساڵح) وتی: من جاران كە دەچووم بۆ چێشتخانەكان زۆر خزمەتیان دەكردم كەچی چونكە ئێستا قەڵەباڵغی زۆریان لەسەرە هیچ گرنگی نادەن بە خزمەتكردن، زۆرجار گارسۆنەكان بەڕق و تووڕەییەوە مامەڵە دەكەن و هەیانە دەڵێن من بڕوانامەم هەیە خزمەتی تۆ ناكەم، لە كاتێكدا ئیشی سەرەكی ئەو خزمەتكردنە، ئیتر من پەیوەندیم چییە بەبڕوانامەكەیەوە و چوزانم كاكم فەیلەسوفە!؟

هەر لەو بارەیەوە كاك (ئامانج) بەدەم نان خواردنەوە وتی: ئەو خواردنەی ئێستا من دەیخۆم بەدڵی خۆم نییە بەڵام. ناتوانم بچمەوە بۆ ماڵ بۆنان خواردن چونكە ئەگەر من بمەوی بچمە بۆ ماڵی ئەوا هەر فریای ئەوە دەكەوم بێمەوە و كاسبیم پی ناكری، كەواتە بە ناچاریی هاتوومەتە ئەم چێشتخانەیە.

كاك (سەروەر) خاوەنی ڕێستۆرانەو دەربارەی نەبوونی خواردەمەنی تایبەت بۆ خەڵكانی بیانی وتی: خۆت دەزانی خواردن وەك هیچ شتێكی تر نییە، وەك جلوبەرگ نییە بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ هەڵیبگری تۆ نازانی ئەمڕۆ خەڵكی یابان دی یان هندستان؟ بۆیە من ناتوانم بایی 500 دۆلار خواردن دروست بكەم و كەسیش نەبی بیخوات، من لەو كاتەدا لەبری قازانج بێگومان زیان دەكەم هەرچەندە ئێستا لەچەندین چێشتخانەی وەك پالاس و ئاشتی و هەندی شوێنی تر جۆرەها خواردن هەیە بۆیە خەڵك

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:35 4-1-2007

لەوی دەتوانی بڕوات چێژیی لی ببینی، لای ئێمەش هەندی خواردنی ڕۆژئاوایی هەیە بەڵام کەم خەڵك هەیە ئەو خواردنانە بخوات.

زۆر هەوڵمدا کە خەڵکی بیانی بدوێنم بەتایبەتی عەرەب یان ئینگلیز، ئێوارەیەك چوومە ڕێستۆرانێك چەند کەسێك بەزمانی عەرەبی قسەیان دەکردو چووم لەگەڵیان قسەم کردو زۆر باسی بارودۆخی کوردستانیان کرد، من لێم پرسین بۆچوونیان چییە لەسەر خزمەتگوزاریی و پاکژیو چێشتخانەکان؟ یەکسەر (سەمیرە تۆما) کە مەسیحییەکی خەڵکی بەغدا بوو وتی: بەڕاستی لە سلێمانی ڕێزو خۆشەویستی زۆرە، ئازادییو ئاشتی هەیە، بەڵام خزمەتگوزاریی لەهەموو ڕویەکەوە کەمە، دەچیتە چێشتخانەیەك هیچ خزمەتت ناکەن، چوومە یەکێکی تر لە ڕێستۆرانەکان ژاوە ژاوو دەنگە دەنگ جەوی نان خواردنی لێی تێك دام و هیچ نەمتوانی چێژ لەخواردنەکە وەرنەگرت.

من ناوی سلێمانیم بیستووە وەك شارێکی پێشکەوتوو، ڕۆشنبیر پێم سەیرە لەمشارە ڕازاوەیەدا ئەو دیاردە ناشیرینە هەبی، هیوادارم باری چێشتخانەو کافتریاکان باش بێت و خزمەتی باش بکەن.

خەڵکانی بیانی کە دێنە ئەم وولاتە زۆر گرفتیان هەیە لەبواری خواردن و شوێنی حەوانەوەدا، خۆم کاتێك باسی ئەم حاڵەتەم دەکرد لەگەڵ هاوڕێیەکمدا یەکسەر باسی چیرۆکی برایەکی خۆی بۆ گێڕامەوە، دوای ئەوەی لە ئەڵمانیاوە هاتبۆوە لەگەڵ هاوسەرە ئەڵمانییەکەیدا تووشی گرفتێکی زۆر بوو بوو بەهۆی ئەوەی نەیدەزانی چی خواردنێك بدات بە هاوسەرەکەی و دوو منداڵەکەی ناچار هەر بە میوەو بسکویت و هەمبەرگر خواردن دوو مانگیان بەسەر برد.

ویستم لەلای خەڵکی ئاسایی خۆمان تێپەڕ نەکەم، بۆیە جارێکی تر و ڕۆژێکی تر چوومەوە ناو بازاڕی شاری سلێمانیو لەیەکێك لە چێشتخانەکانی شاردا هەندی خەڵکی ترم دواند. هاوڵاتییەکی تاڕادەیەك بەتەمەن بەناوی (مامۆستا عەلی) وتی: ئەم قەڵەباڵغییە لەتام دەرچووە کە لە چێشتخانەکاندا هەیە، لەلایەکی تر بەهۆی ئەو قەڵەباڵغییەشەوە ناتوانن پاکو خاوێنی بپارێزن چونکە شاگردەکان خەمساردن و گوێی نادەنی، من بە بێزەوە ئەم خواردنەی بەردەستم دەخۆم.

قسەکەی کاك (عەلی) وایلێکردم لە شاگردەکان بپرسم بۆچی گرنگی نادەن بە خزمەتگوزارییو پاکوخاوێنی؟ لەوەڵامدا شاگردێك کەناوی (ڕێبین) بوو وتی: ئێمە هیچ کەمتەرخەمیی ناکەین، بەڵام هەرئەوەندە فریا دەکەوین و هەر ئەوەندە بوارمان هەیە، ئێمەش بەپێی قسەی خاوەنی کارەکەمان خزمەت دەکەین نەکەمتر نەزیاتر، بۆ پاکوخاوێنی بەخوا باوەڕناکەم هیچ شاگردی کەمتەرخەمی بکات چونکە خۆشمان هەر لەو خواردنانە دەخۆین. لەکۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا دەمانەوی هێما بکەین بۆئەوەی کەمی ژمارەی چێشتخانەکان و خزمەت و نەبوونی چێشتخانەی تایبەت بۆ بیانییەکان یەکێکە لە کێشە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی شاری سلێمانی، ئەگەر یەکێك بیەوی پێشەنگ دەبی دیسان لەم بوارەشدا پێشەنگ بی.

پێویستە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە لەم ماوەیەدا بەدەنگی خەڵك هەڵبژێردرا کار لەم بوارەدا بکەن و هەوڵبدەن و کەلێنەکانی شارەکەم لەم ڕووەوە پڕ بکەنەوە.